# ڕەنگدانەوەی نووسینەوەی مێژووی هەولێر لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ دا
# 1993/1/12 – 1992/1/12

**پ.ی.د. ئەحمەد حەمەدئەمین ئۆمەر**
**زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر**
**کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی**
Ahmad.ameen@su.edu.krd

**DOI: https://doi.org/10.31972/ISCHKK19.016**

کلیلی توێژینەوە
- مێژوو.
- هەولێر.
- ڕۆژنامە.
- کوردستانی نوێ.

## پێشەکی:

دەرچوونی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ وەك ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانە لە لایەن یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە قۆناغی دوای ڕاپەڕین گرنگ و پربایەخ بوو، چونکە وێرای گواستنەوەی هەواڵ و ڕووداوەکانی سەردەمی خۆی، بایەخی بە نووسینەوەی مێژوویی بەر لەو سەردەمەش داوە، کەواتە لە هەردوو حاڵەتەکەدا زانیارییەکانی نێو ڕۆژنامەکە لە ئێستاکەدا دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە چارەگە سەدەیەك، دەتوانرێت وەك سەرچاوەیەکی مێژوویی پشتی پێ ببەسترێت.

ئاوڕنەدانەوەی وەك پێویست لە زانیارییەکانی نێو ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ لە توێژینەوەیەکی ئەکادیمی سەربەخۆدا، ڕەنگە هۆکاری سەرەکی بێت، بۆ هەڵبژاردنی ناونیشانی توێژینەوەکە، کە توێژەر گەرەکییەتی باس لە ڕەنگدانەوەی نووسینەوەی مێژووی هەولێر لە یەك ساڵی تەمەنی (1992/1/12 – 1993/1/12) ڕۆژنامەکەدا بکات.

لە میتۆدی توێژینەوەکەدا، توێژەر، بەتەنیا پشتی بە یەك میتۆد نەبەستووە، بەڵکو هەوڵیداوە ڕێبازێکی زانستیانە بگرێتە بەر، بەمەش هەم زانیارییەکانی بە یەکەوە گرێداوە، هەمیش شیکاری کردوون.

توێژینەوەکە لە پێشەکییەك و سێ تەوەر و ئەنجام پێکهاتووە:

تەوەری یەکەم: سەرقەڵەمێك لە مێژووی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ باس دەکەین و، تێیدا سەرەتای بیرکردنەوە لە دەرچوونی ڕۆژنامەکە، چۆنیەتی دەرچوونی، ستافی بەڕێوەبردن، دابەشکردنی لاپەڕەکان، ڕەنگی بەکارهاتوو و نرخی فرۆشتنی خراوەتە ڕوو.

تەوەری دووەم: ڕووداوەکانی ئەو قۆناغەی هەولێر، کە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ تێیدا دەرچووە، لەژێر ڕۆشنایی بابەتە بڵاوکراوەکان باسکراوە، کە دەکرێت وەك سەرچاوەی مێژوویی لە نووسینەوەی بەشێك لە مێژووی هەولێر لەو قۆناغەدا مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.

تەوەری سێیەم: بابەتە مێژووییەکانی تایبەت بە هەولێر لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ئاماژەیان بۆ کراوە، کە بریتین لە: بابەت و نووسینی مێژوویی تایبەت بە هەولێر، گێڕانەوەی مێژووی هەولێر بە شێوەی

زارەکی لە ڕێگای ئەنجامدانی دیمانە و گفتوگۆ لەگەڵ کارەکتەرە بەشداربووەکانی ناو ڕووداوەکان، نووسینەوەی بیرەوەریی، بڵاوکردنەوەی بەڵگەنامە و وێنەی مێژوویی.

ئەنجام: ئاماژە بەو ئەنجامانە کراوە، کە توێژەر لە دووتوێی توێژینەوەکە پێگەیشتوون.

بۆ ئەم توێژینەوەیە جگە لە چەند سەرچاوەیەك و ئەنجامدانی چەند دیمانەیەك، پشت بە ژمارەیەکی بەرچاوی ڕۆژنامەکە بەستراوە، لەبەر ئەوەی مەبەست دەرخستنی ڕەنگدانەوەی نووسینەوەی مێژوویی هەولێرە لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ دا. جێگای خۆیەتی بوترێت ئەم پشتبەستنە بە شێوازێك لە نێو توێژینەوەکەدا ئاماژە بۆ کراوە، تێیدا ژمارەی ڕۆژنامەکە و ڕێکەوتی دەرچوونی و لاپەڕەکەی بە یەکەوە ئاماژەیان بۆ کراوە.

دیارە ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکی سەرەتایە، بۆیە دەخوازین بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە سەیر بکرێت و توێژەر لە تێبینییەکان ئاگادار بکرێتەوە، بۆ ئەوەی لە دواجار لافی توێژینەوەیەکی ئەکادیمی لێبدات.

## 1. سەرقەڵەمێك لە مێژووی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ

هەلومەرجی دوای ڕاپەڕینی ساڵی 1991، قۆناغێکی نوێ لە ژیانی سیاسی لە باشووری کوردستان هێنایە پێشەوە، پارتە سیاسییەکان دەبوو لەگەڵ ئەو پێشهاتە نوێیەدا خۆیان بگونجێنن و بە تەنیا بیر لە خەباتی چەکداری نەکەنەوە.

لە ڕاستیدا، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە دوای دامەزراندنییەوە لە 1975/6/1دا، هاوشان لەگەڵ خەباتی سیاسی، خەباتی ڕۆژنامەگەریی فەرامۆش نەکردبوو، لەو چوارچێوەیەشدا ژمارەیەکی بەرچاو لە گۆڤار و ڕۆژنامەی خستبووە بەر دیدی خوێنەران (ئەحمەد، رابەری...،2014، ل5). بە گرنگ سەیرکردنی لایەنی ڕۆژنامەوانی لە لایەن سەرکردایەتی یەکێتی بە گشتی و جەلال تاڵەبانی سکرتێری گشتی بە تایبەتی، هەر زوو دەیانهێنێتە سەر بیرکردنەوە، لە دەرچوواندنی ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە، بۆ ئەو مەبەستەش لە دوای ڕاپەڕین دوو کۆبوونەوە لە هەولێر؛ یەکەمیان بە سەرپەرشتی کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی و دووەمیشیان بە سەرپەرشتی ئەرسەلان بایز لەگەڵ ژمارەیەك نووسەر و ئەدیب و پسپۆڕانی بواری هونەر ئەنجام دەدرێت، هاوکات لەگەڵ ئەوەشدا لە شاری سلێمانیشدا لەگەڵ ڕۆشنبیران دەکەونە ڕا و تەکبیر (ئەحمەد، کتێبێکی تر...،2012، ل14).

دوای ماوەیەك بەسەر ئەو کۆبوونەوە ڕاوێژکارییانەدا، جەلال تاڵەبانی لە نامەیەکدا بۆ ئەرسەلان بایز پرسیاری ئەوە دەکات دەنگوباسی دەرچوونی ڕۆژنامەکە بە کوێ گەیشت، ئیدی ئەو نامەیە هەنگاوەکانی دەرکردنی ڕۆژنامەکە خێراتر دەکات و ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ لەسەر داروپەردووی ڕۆژنامەی ڕاپەڕین(1) لە دایك دەبێت (جوندیانی، 2019/2/3؛ حەسەن، 2019/3/1).

ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی 1992/1/12 ژمارەی (0)ی وەك ڕۆژنامەیەکی سیاسی ڕۆژانەی سەر بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە شاری هەولێر دەردەچێت. وەك لە زاری سەرپەرشتیاران و کارمەندانی ڕۆژنامەکەدا باس دەکرێت، بۆ دەرکردنی ژمارە (0) زەحمەتییەکی زۆریان کێشاوە، بۆیە بۆ ژمارەی دواتر، کە دەکاتە ژمارە (1)، دوای چواردە ڕۆژ پشوو و دابەشکردنی کاروبارە کارگێڕییەکان، ئینجا توانیویانە لە 1992/1/26 ژمارەکە چاپ و بڵاوبکەنەوە.

شایەنی باسە، لە ماوەی ساڵی یەکەمدا، کە ماوەی توێژینەوەکەیە، کوردستانی نوێ لە کۆی (366) ڕۆژی ساڵدا (291) ژمارەی لێدەرچووە. ئەو ڕۆژانەشی کە دەرنەچووە، لەوانە (49) ڕۆژی بەر ڕۆژانی پشووی فەرمی ڕۆژنامەکە، کە ڕۆژانی شەممە بووە کەوتووە(2)، (26) ڕۆژەکەی تریش بە بۆنەی جیاجیاوە ڕۆژنامەکە دەرنەچووە(3).

ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ لە سەرەتادا بە هەشت لاپەڕەی قەبارە تابلۆیدا دەرچووە، بەمەش لە ماوەی ساڵی یەکەمدا بەم شێوەیە بەردەوام بووە، تەنیا لە ژمارە (290) نەبێت، کە بە بۆنەی ساڵیادی ڕۆژنامەکە بە شازدە لاپەڕە دەرچووە (290، 1993/1/12). لاپەڕەکانی ڕۆژنامەکە بە شێوەیەك دابەشکراوە، لاپەڕەی یەکەم بۆ هەواڵ، دووەم بۆ کاروباری سیاسی، سێیەم بۆ لێکۆڵینەوە، چوارەم و پێنجەم بۆ ڕێپۆرتاژ و کاروباری ناوخۆ، شەشەم بۆ ئەدەب و ڕۆشنبیری گشتی، حەوتەم بۆ وەرزش و ئاگاداری و پاشماوەی بابەتەکانی پێشوو و هەشتەمیش بۆ وردە بابەتی هەمەڕەنگ(ئەحمەد، کتێبێکی تر...،2012، ل ل 15-16).

دەستەی بەڕێوەبردنی ڕۆژنامەکە لە ماوەی دیاریکراوی توێژینەوەکەدا پێکهاتوون لە: ئەرسەلان بایز سەرنووسەر، ئازاد جوندیانی سکرتێر، دواتریش لە ژمارە (116)ەوە، فریاد ڕەواندزی وەك بەڕێوەبەری نووسین ناوی خراوەتە سەر ڕۆژنامەکە (116، 1992/6/16، ل8). هەرچی تایبەتدارە بە دەستەی نووسەران ئەوە پێکدێن لە هەر یەك لە: فریاد ڕەواندزی بەرپرسی لاپەڕەی یەکەم، محەمەد موکری بەرپرسی لاپەڕەی دووەم، دڵشاد عەبدوڵلا بەرپرسی لاپەڕەی سێیەم، مومتاز حەیدەری بەرپرسی لاپەڕەکانی چوارەم و پێنجەم، سەعدوڵلا پەرۆش بەرپرسی لاپەڕەی شەشەم، نەژاد عەزیز سورمێ بەرپرسی لاپەڕەی هەشتەم و، مەولود ئیبراهیم حەسەن بەرپرسی بەشی منداڵان(**knew.org/page_id=1058**). بەمەش دەتوانرێت بوترێت لە دەرچوواندنی ئەو ڕۆژنامەیەدا هەولێرییەکان پشکی شێریان بەرکەوتوو، ئەگەر بزانیین وێرای دەستەی بەڕێوەبەر، کە هەولێرین، بەرپرسی لاپەڕەکانیش لە شەش کەسیان چواریان خەڵکی هەولێرن.

سەبارەت بە جۆری ئەو کاغەزەی ڕۆژنامەکە بەکاری هێناوە، بە نۆڕین و وردبوونەوەمان بۆمان ڕوون دەبێتەوە، کە سەرەتا جۆری کاغەزی سپی هەشتا گرامی یابانی و دواتریش کاغەزی چل و پێنج گرامی ڕەنگ بۆر بەکارهێنراوە. لێرەشدا هۆکاری ئەو جیاوازییە لە بەکارهێنانی کاغەزدا، کارمەندانی ڕۆژنامەکە دەیگەڕێنەوەی بۆ بارودۆخی ئەو سەردەمە، چونکە ناوچەکانی باشووری کوردستانی ڕووبەڕووی ئابلوقەیەکی توند هاتبوونەوە، ئیدی ئەو کاغەزەی لەبەردەستیان بووە، لە ڕێگای قاچاغەوە بۆیان هاتووە (جوندیانی، 2018/12/20).

وەك ئەوەی لە ژمارەکانی ڕۆژنامەکەدا دیارە، سەرەتا ڕەنگی سپی و ڕەش و سوور بەکارهێنراوە، بەڵام بە دوای ئەوەی کە مەسەلەی هەڵبژاردنەکان هاتوتە پێشەوە و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ڕەنگی سەوزی کردووە بە هێمای خۆی، ئیدی ڕەنگی سەوز بەسەر ڕۆژنامەکەدا زاڵ بووە.

ژمارەکانی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ کە لە ماوەی توێژینەوەکەدا دیاریکراون، تێکڕایان بە تایپی ئەلیکترۆنی لێزەری لە چاپخانەی ڕۆشنبیری، کە سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیرییە چاپ کراوە. بەڵام کاتێك ئامێرەکانی ئەو چاپخانەیە لە کار کەوتوون، بۆ ئەوەی ڕۆژنامەکە بەردەوام بێت، بە تایپی برازەر و ئای بی ئێم تایپ کراوە (جوندیانی، 2019/2/3).

جێگای ئاماژە بۆ کردنە، کاروباری دیزاینی ڕۆژنامەکە، هەر یەك لە محەمەد زادە و عەبدولقادر عەلی مەردان بە هاوکاری و یاریدەدەری هەر یەك لە: عوسمان پیرداود، موحسین خەیات، یاسین عومەر، هەڵگورد عەبدولوەهاب جوندیانی، عەدنان گلی، نازم کەرکوکی کردوویانە (جوندیانی، 2018/12/20). لەم بابەتەش هەولێرییەکان ڕۆڵی دیار و بەرچاویان هەبووە، لەبەر ئەوەی لە هەشت کەسیان شەشیان هەولێریی بووینە.

بۆ ڕۆژمێژی ڕۆژنامەکە، سەرەتا تەنیا ئاماژە بە ڕۆژ و مانگ و ساڵی زایینی کراوە، بەڵام دواتر لە ژمارە (49)ەوە ڕۆژ و مانگ و ساڵی کوردی بۆ زیاد دەکرێت(49، 1992/3/21)، هەروەها لە ژمارە (188)ەوە لە تەك ئەوانی دیکە ڕۆژ و مانگ و ساڵی کۆچیش ئاماژەی بۆ دەکرێت (188، 1992/9/11).

کوردستانی نوێ سەرەتا بە نرخی (500 فلس) لە بازاڕەکان فرۆشراوە، بەمەش بەم نرخە بەردەوام بووە، تا ئەوەی لە ژمارە (101)دا ئاگادارینامەیەك بڵاو دەکاتەوە و ئاماژە بۆ ئەوە دەکات و دەنووسێت:"

خوێنەرانی ئازیز ئاگادار دەکەینەوە لەبەر بارودۆخی گرانی پێداویستی چاپەمەنی، نرخی ڕۆژنامەکەمان لە 1ی مانگەوە [مەبەستی 1992/6/1 – تویژەر] دەبێتە 750 فلس"، بەمەش لە ژمارە (106)ەوە نرخەکەی دەگۆڕدرێت و دەبێتە 750 فلس (101، 1992/5/26، ل1؛ 106، 1992/6/1، ل1).

جێگای ئاماژە بۆ کردنە، وەك دەبینرێت لە ژمارە (6)ەوە هەفتانە دوا لاپەڕە بۆ منداڵ تەرخان کراوە و تا ژمارە (75) بەردەوام بووە، بەڵام دوای ئەو ژمارەیە، پاشکۆیەکی سەربەخۆی لەژێر ناوی (پەریستان) ڕۆژانی هەینی بە قەبارەی نیو فولسکاب بە چوار لاپەڕە دەرچووە (ئەحمەد، کتێبێکی تر...، 2012، ل27؛ 75، 1992/4/24، ل8). بەرپرسی ئەو پاشکۆیەش مەولود ئیبراهیم حەسەن بووە و لە لایەن هەڵگورد عەبدولوەهاب و ئیدریس لاوە هاوکاری کراوە (حەسەن، 2019/3/1؛ جوندیانی، 2018/12/20).

ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ لە ڕێباز و بەرنامەی کاری خۆیدا وەك ڕەنگدانەوەی باری ڕۆژانەی باشووری کوردستان و ناوچەکە و جیهان هەوڵیداوە ئەو ڕووداوانەی ئەو سەردەم، کە دەستی پێی دەگات، لەگەڵ ڕووداوە مێژووییەکاندا بیخاتە بەردیدی خوێنەران، بەمەش بووە بە یەکێك لە سەرچاوەکان و دەکرێت زانیاری لێوەر بگیرێت. کە گەرەکمانە نووسینەوەی مێژووی هەولێر لە نێو لاپەڕەکانی ڕۆژنامەکە لە باسەکانی دیکە شەن و کەو بکەین.

## 2. ڕەوشی هەولێر لە لاپەڕەکانی کوردستانی نوێ دا

دوای کۆڕەوەکە و دووبارە هاتنەوەی هێزە سیاسییە کوردییەکان بۆ ناوشارەکان و دواجار کشانەوەی هێزەکانی ڕژێم تێیاندا، شارەکانی خستە بەردەم ڕەوشێکی نوێیەوە. کوردستانی نوێ وەك ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە، کە بارەگا سەرەکییەکەی لە شاری هەولێر بوو، لە ڕاپۆرت و بابەتەکانیدا وێنای ئەو ڕۆژانەی هەولێر لە ڕووی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتییەوە دەکات و دەکرێت وەك سەرچاوەیەك سوودی لێوەربگیرێت.

وەك ئاماژەی بۆ کرا، ڕژێم دەسەڵاتی لە شارەکاندا کشاندەوە، بەڵام لە ڕێگای کەسانی جیاوازەوە هەوڵی نانەوەی ئاژاوە و پشێوی داوە. لەو بارەوەیەوە لە هەواڵێکدا، کە لە ژمارە (1)ی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێدا هاتووە:" کاتژمێری چواری بەرە بەیانی ڕۆژی 1992/1/16 دەستێکی خیانەتکار نارنجۆکێکی خستە ناو ماڵی هەڤاڵ (شۆڕش عوسمان دەرگەڵەیی) و شەهیدی کرد..."(1992/1/26، ل4). لە لایەکی دیکەوە ئاماژە بە تەقینەوەی نارنجۆکێك لە ئێوارەی 1992/3/16 لەناو بازاڕی شێخەڵڵا کراوە، کە بۆتە هۆکاری کوژرانی هاوڵاتییەك و برینداربوونی بیست و پێنج هاوڵاتی دیکە (45، 1992/3/17، ل1). هەروەها لە ژمارەیەکی تری ڕۆژنامەکەدا هاتووە شەوی 26 لەسەر1992/7/27 نارنجۆکێکی دەستی فڕێدراوەتە ناو بارەگای مەکتەبی سیاسی بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشووری لە شەقڵاوە، لە ئەنجامدا شەش کەس بریندرا بوون(151، 1992/7/29، ل4). لێرەشدا دەتوانرێت بوترێت چاو کراویی هێزەکانی پێشمەرگە و ئاسایش و هەماهەنگی خەڵکی هەولێر نەبوایە، ڕووداوی زیاتر ڕوویان دەدا، لەبەر ئەوەی لە چەند ژمارەیەکی دیکەی ڕۆژنامەکەدا ئاماژە بە دەستگیرکردن و پۆچەڵکردنەوەی ئەو جۆرە هەوڵانە دراوە. وەك ئەوەی لە ژمارە (2)دا ئاماژە بە دەستگیرکردنی تۆڕێکی پێوەندی سەر بە ڕژێم لەناو هەولێر کراوە، کە لەگەڵیاندا دەیان بەڵگەنامەش دەستی بەسەر داگیراوە (2، 1992/1/27، ل1). لە ژمارە (202)شدا ئاماژە بە چالاکی هێزەکانی ئاسایش و پۆلیسی شار کراوە، کە هەڵساون بە دەستگیرکردنی باندێکی تاوانبار و بەکرێگیراوی سەر بەرژێم (1992/9/28، ل2). لە ژمارەیەکی دیکەشدا هاتووە بابەتی دانانی لوغمی کاتی و نارنجۆك لە شوێنە گشتییەکانی هەولێر بەردەوامی هەیە، بەڵام بە هاوکاری خەڵك و هەوڵی هێزەکانی ئاسایش ئەو هەوڵانە پۆچەڵ کراونەتەوە (257، 1992/12/2، ل5). هەروەها پۆچەڵکردنەوەی هەوڵێکی تەقینەوە لەناو هەولێر لە ڕێگەی بۆمب ڕێژکردنی ئۆتۆمبێلێکی سەر بە **(UN)** لە 1992/11/8 لە لایەن هێزەکانی ئاسایشەوە پشت، ڕاستکراوەتەوە (263، 1992/12/9، ل8).

ڕژێم بۆ دروستکردنی دڵەڕاوکێی خەڵکی سڤیل، هەر لەو قۆناغەدا کەوتبووە تۆپبارانکردنی ناوچە سنوورییەکانی هەولێر، بەو هۆیەشەوە زیانی ماددی و مرۆیی لێدەکەوتەوە. وەك ئەوەی لە 1992/2/28 لە ڕێگای سەرەکی هەولێر- مووسڵ ڕژێم سەرەتا تۆپباران و دواتریش بە هێزەکەی هەندێك پێشڕەوی دەکات، بەڵام لە لایەن هێزەکانی پێشمەرگەوە بەرپەرچدەدرێنەوە (31، 1992/3/1، ل5؛ 36، 1992/3/6، ل2). لە لایەکی دیکەوە لە 1992/3/4 ڕژێم تۆپبارانی ناوچەکانی خەبات و دەرووبەری دەکات، کە بە هۆیەوە (9) کەس دەکوژرێن و ژمارەیەکیش خانووبەرە زیانیان بەردەکەوێت(62، 1992/4/9، ل4).هەروەها بەرەنگاربوونەوەی هێزەکانی ڕژێم لە 1992/3/8 لە لایەن هێزی پێشمەرگەوە لە ڕێگای هەولێر- کەرکووك بە برینداربوونی چوار پێشمەرگە کۆتایی دێت (37، 1992/3/7، ل1).

لەو قۆناغەدا بەرەی کوردستانی، کە نوێنەرایەتی هێزە کوردییەکانی لە خۆیدا کۆکردبۆوە، وەك مینبەرێکی دەسەڵات سەیر دەکرا (ابوبکر، 2017، ل 100-105). بارەگای بەرەی کوردستانی لە هەولێر وەك دەزگایەك، ڕۆژانە خەڵکی سەردانیان کردووە و سکاڵا و داوایان پێشکەش بە بەرپرسان کردووە. لێرەشدا لە ڕیپۆرتاژێکی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێدا کە لە بارەگای بەرەی کوردستانی لە هەولێر ئەنجامدراوە، تێیدا هاتووە زۆربەی ئەوانەی سەردانی بەرەی کوردستانی دەکەن، بۆ چارەسەرکردنی کەموکورییەکان و گێڕانەوەی مافە زەوتکراوەکانیان هاتوون (1، 1992/1/29، ل5).

قۆناغی دوای کشانەوەی دەسەڵاتی ڕژێم، دەزگا کارگێڕییەکانی هەولێر هەم بە لە خۆبوردییەوە لە لایەن کارمەندانەوەی بەڕێوەبراوە، هەمیش بەهۆی نەبوونی مووچە و هەندێك جاری دیکەش بە هۆکاری دیکەی جیاواز ڕووبەڕووی کێشە هاتوونەتەوە. کوردستانی نوێ لە ژمارەکانیدا زۆرێك ڕیپۆرتاژ و بابەتی لەو بارەوە نووسیوە. لە ژمارە (0)دا ئاماژە بۆ ئەوە کراوە لە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر بڕیاری ئەوەی دراوە نووسراوەکانیان بە زمانی کوردی بێت، بەمەش ڕۆژنامەکە بە داهێنانێکی نوێ وەسفی کردووە (1992/1/12، ل5). لە ژمارە (2)دا ڕیپۆرتاژێك لەسەر دادگای هەولێر کراوە و لە ڕەوشی ناو دادگای کۆڵدراوەتەوە، لێرەشدا لەسەر زاری چەند پارێزەرێك ئاماژە بە دەست خستنە ناو کاروباری دادگا کراوە. لە لایەکی دیکەوە هەر لەو ژمارەیەدا بابەتێك لەسەر ڕەوشی پەروەردە نووسراوە و ئاماژە بۆ ئەوە کراوە کە هێشتاکە بەڕێوەبەری خوێندنگاکان لەو کەسانەن کە پێشووتر لەسەر بەعس هەژمار کراون (1992/1/27، ل3). سەرباری ئەوانە لە ژمارەیەکی تردا ئاماژە بە هەوڵی شارەوانی هەولێر دراوە، کە چۆن کەوتۆتە هەوڵی ئەوەی شوێنەواری تەعریب لە شارەکە بسڕێتەوە، سەرەتای ئەو هەنگاوەش بە گۆڕینی ناوی شەقام و گۆڕەپان و گەڕەکان لە ناوی عەرەبییەوە بۆ ناوی کوردی دەستی پێکردووە (249، 1992/1/22، ل4).

یەکێك لە هەواڵەکانی ئەو سەردەمە، کە جێگای گرنگ و بایەخ بووە و لە ڕۆژنامەکە زۆر باسکراوە، بابەتی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی ئاوایییەکانە(4)، کە وەك دابینکردنی ژیانی دیموکراسی لەناو دێهاتەکان دەمێك بووهەنگاوی بۆ نرابوو و تێیدا چەند کەسێك هەڵدەبژێردران. لەو بارەیەوە لە زۆرێك لە ژمارەکانی کوردستانی نوێدا ئاماژە بە پرۆسەی هەڵبژاردن لە دێهاتەکانی سنووری هەولێر کراوە و ناوی ئەندامانی هەڵبژێردراو ئاماژەیان بۆ کراوە(5).

هەنگاوەکانی کارکردن بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانی، کە لە کۆبوونەوەکانی بەرەی کوردستانی گفتوگۆی لە بارەوە کراوە، لە کوردستانی نوێ بڵاوکراوەتەوە (62، 1992/4/9، ل1). لە مەسەلەی ئەنجامدانی هەڵبژاردن، ئەوەی لە ڕۆژنامەکەدا بەدی دەکرێت خەڵکی هەولێر پەرۆشی ئەنجامدانی هەڵبژاردن بوونە، بە بەڵگە ئەوەی لە ڕۆژی 1992/4/11 ژمارەیەکی بەرچاو لە خوێندکاران و لاوانی شاری هەولێر ڕێپێوانێکی هێمنانەیان بۆ بەردەم بارەگای لیژنەی بەرەی کوردستانی پارێزگاری هەولێر کردووە و تێیدا جەختیان لە گرنگی ئەنجامدانی هەڵبژاردن کردۆتەوە (65، 1992/4/13، ل1).

لە هەڵبژاردنەکاندا هەولێر وەك ناوچەی یەکەمی هەڵبژاردن ناسێنردراوە و لیژنەیەکیش بۆ بەڕێوەبردن و سەرپەرشتی کردن لە نوێنەری پارتەکان دانراوە، کە پێکهاتبوون لە: سەلاحەددین ئەحمەد یەعقوبی

سەرۆك، مستەفا نووری نوێنەر کارگێریی، میقداد عەلی، نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستان، بەکر ئەحمەد، نوێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ئازاد محەمەدئەمین، نوێنەری حیزبی شیوعی عێراقی، موحسین عەبدولڕەحمان (ڕێبوار) نوێنەری حیزبی سۆسیالیستی کوردستان و پاسۆك، نەوزاد جەلال ئیبراهیم، نوێنەری حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، نەژاد خەلەف، نوێنەری پارتی گەل (71، 1992/4/20، ل2).

لە بانگەشەی هەڵبژرادنەکاندا کاندیدانی لیستی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ناویان و ژیاننامەیان ئاماژەی بۆ کراوە. لەو نێوەندەشدا لە کۆی (100) کاندید، (32) کاندی سنووری هەولێر ناسێنراون (81، 1992/5/1، ل4-5). بەڵام ئەوەی جێگای تێرامانە ئەوەیە لە ڕۆژنامەکەدا بابەتێکی وا نابینرێت، کە باس لە گرژی و ئاڵۆزی ماوەی بانگەشەی هەڵبژراندنەکان بکات، کە لە هەولێر ڕوویدا بێت، بەڵکو تەنیا ئەوەی دەبینرێت، کار لەسەر سۆزی خەڵك کراوە، وەك ئەوەی لە ژمارە (90)دا وەك بانگەشەیەك داوا لە خەڵکی هەولێر کراوە هاوڕێیانی شەهید جەعفەر عەبدلواحید هەڵبژێرن (12،1992/5/90، ل8).

هەواڵی ڕۆژانی بانگەشە ئەوەمان پێشاندەدەن، کەسایەتییە سیاسییەکان و پاڵێوراوان هاوتونەتە ناو خەڵك و قسەیان بۆ کردوون، لەو چوارچێوەیەدا جەلال تاڵەبانی لە 1992/5/12 لە کۆبوونەوەیەکی بەفراوان لە هۆڵی (میدیا) چاوی بە پزیشکان و پارێزەران و ئەندازیاران و کارمەندانی تەندروستی کەوتووە و لە بارەی هەڵبژاردنەوە قسەی بۆ کردوون (91، 1992/5/13، ل1). لە لایەکی دیکەشەوە نەوشیروان مستەفا لە 1992/5/13 لەگەڵ ستافی زانکۆی سەلاحەددین کۆبوونەوەیەکی ئەنجامداوە و باسی ڕابردوو و داهاتووی کوردستان و بەرنامەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی بۆ کردوون (92، 1992/5/14، ل1)(6).

وەك ئەوەی لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بەدی دەکرێت، هەولێر لەوقۆناغەدا بە تایبەت دوای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانی و دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆتە وێستگەی کۆبوونەوەی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی عێراق. لەم بارەشەوە دوو کۆبوونەوەی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی، یەکەمی لە شەقڵاوە لە 1992/9/27 لە بارەگای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی، دووەمی لە 1992/10/27 لە هاوینە هەواری سەلاحەددین، بە ئامانجی پتەوکردنی پێوەندییەکان گرێداون (202، 1992/9/28، ل 1؛ 227، 1992/10/28، ل 1).

شایەنی باسە، کاتێك ڕژێم دەسەڵاتی لە شارەکان کشاندنەوە، لەگەڵیدا ئابلوقەی ئابووری خستەی سەر شارەکان، بەمەش شارەکان کەوتنە بەردەم دوو ئابلوقەی ئابووری. بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو قەیرانە، ژمارەیەك ڕێکخراوی خێرخوازی دەستیان دابوویە دابەشکردنی خۆراك بەسەر خێزانە هەژارەکاندا. لە هەولێر چەند جارێك گردبوونەوەی خەڵکی لەبەردەم ئەم دەزگایانە، کێشە و گرفت و گلەیی لێکەوتۆتەوە، بە تایبەت لە لایەن ئەو خەڵکانەی هەژار بوون و ڕۆژانێکی زۆر وەك ئێشکگر دەمانەوە، کەچی هیچیان بەرنەدەکەوت (0، 1992/1/12، ل5). لە لایەکی دیکەوە هەندێك جار ئەو کەلوپە خۆراکییانەی کە دابەش دەکران، ماوەیان بەسەر چووبوو و بە کەڵکی خواردن نەدەهاتن، کوردستانی نوێ لەو بارەیەوە لە بانگەوازێکدا نووسیویەتی:" لە لیژنەی ئابووری پارێزگای هەولێرەوە هاووڵاتیانی شاری هەولێر و قەزا و ناحیە و ئوردوگاکان ئاگادار دەکەینەوەی، ئەوانەی کە ئاردیان وەرگرتووە لە ڕۆژی 1992/1/21 بە دواوە لە هەردوو مطحنەی هەولێر و بێتواتە بە هیچ جۆرێك ئەو ئاردە بەکار نەهێنن، چونکە بە کەڵکی خواردن نایەت" (8"1992/2/3، ل4).

بەدەر لە دابەشبوونی خۆراك لە لایەن ڕێکخراوە خێرخوازییەکانەوە، وەك ئەوەی لە ڕۆژنامەکەدا وەك هەواڵ و ڕێپۆرتاژ باسی لێوە کراوە، ماوە ماوە پێداویستە خۆراکییەکان لە ڕێگای وەکیلەکانەوە بەسەر خەڵکی هەولێر دابەشکراوە، بەڵام لەوەشدا هەندێك جار وەکیلەکان بە ئارەزووی خۆیان نرخی کەلوپەکانیان زیاد لە خەڵکی وەردەگرت، بێ ئەوەی لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکرێت (18، 1992/2/14، ل4).

لە ڕووی ئابوورییەوە ئەوەی لە کوردستانی نوێ بەدی دەکرێت خەڵکی شاری هەولێر بە تایبەت لە گەڕەکە هەژارنیشینەکان لە بارێکی خراپی گوزەراندویانە، ئەمەش وایکردووە هەندێك لەو خەڵکانە پەنا بۆ فرۆشتنی کەلوپەلی نێو ماڵەکانیان بەرن، لەو بارەیەوە لە ڕیپۆرتاژێکدا لە وەڵامی پەیامنێرەکەی کوردستانی نوێ پیاوێك بە ناوی (مام سلێمان)، کە خەڵکی گەڕەکی باداوەیە دەڵێت:" ... من لەم ڕۆژانەدا لێفەیەکی ماڵی خۆم فرۆشتەوە بە 100 دینار بۆ گوزەرانی ئەم چەند ڕۆژە ... ئەگەر پارەی لیفەکەش تەواو بێت ئەوا کۆنە مەکینەیەکی دوورمانمان هەیە دەیفرۆشم تا پێ ی بژیم..."(4،1992/2/9، ل5).

بابەتی خراپی ڕەوشی ئابووری سەری بۆ ئەوەی کێشابوو خەڵکی گەڕەکە هەژارەکان هەر کە قەڵەم و کاغەز بەدەستیان بدیتایە، دەکەوتنە دوایان و لە دەوریان کۆدەبوونەوە و وایان دەزانی پسوولەی خۆراك دابەش دەکەن. لەو بارەوە پەیامنێری کوردستانی نوێ لە کاتی ئامادەکردنی ڕیپۆرتاژێك لە گەڕەکی باداوە دەنووسێت:" ... خەڵکی باداوە وایان زانی ئێمە پسولەی ئازوقە و نەوت دابەش دەکەین، بۆیە دەیان ژن و پیر بە پیرمان دەهاتن و داوای پسوولەیان دەکرد، ئێمەش لە وەڵامیاندا ئەمانووت، پسوولە دابەش ناکەین، بەڵکو ڕیپۆرتاجمان هەیە. ئەیانووت نەخێر وانیە بۆیە پسوولە نادەن بە ئێمە چونکە ئێمە واسیطەمان نی یە و کەس لە فەقیر ناپرسێ؟!؟"(9، 1992/2/4، ل7).

کوردستانی نوێ وێنا و دیمەن و مێژووی ئەو ڕۆژانەی هەولێرمان پیشاندەدات و کێشە و گرفتەکانمان بۆ دەخاتە ڕوو. بازاڕی شێخەڵڵا، کە لەگەڵ گزنگی بەرەبەیان ئاپوورەی خەڵکی ڕوویان تێدەکرد و هەر یەك لە شوێنێکی تایبەت عەرەبانەکەی دادەمەزارند و، گەرموگوڕی کڕین و فرۆشتن دەستی پێدەکرد. لەو بازاڕەدا ڕۆژانە دەیان کێشە و گرفت ڕوویان دەدا، کە هەندێك جار سەری بۆ شەق و تێهەدان دەکێشا، هۆکارەکان هەمەجۆر بوون، بەڵام لە هەموویان دیارتر لەو سەردەمە کێشەی مامەڵەکردن بوو بە پارەی ئەسڵی و پارەی عادی(3، 1992/1/28، ل5). گرنگی ئەو بابەتە وای کردووە، ڕاپۆرتی هەمەجۆری لە بارەوە بکرێت، وەك ئەوەی لە ڕاپۆرتێکدا لەژێر ناونیشانی:"دونیای نوێ ی کوردەواری لە بۆرسەی دۆلاری هەولێر باسی هەندێك زاراوەی نوێ دەکات کە ئەو دەم بەکارهێنراوە و تەنیا پسپۆڕەکانی ناو بازاڕەکە سەریان لێدەرچووە وەك بەفەل، بە بلۆك، بە پێنجی، بە دەیی، بە بیست و پێنجی بچووك". ئەوە بابەتێك بوو پێوەندی بە مامەڵەی پارە هەبوو، پارەی فەل و بلۆك هەردووکیان هەر پارەی چاپکراوی عادی بوون، یەکەمیان ژمارەکەیان بە دوای یەکەوە نەبوو، بەڵام بلۆك بە دوای یەکەوە (تسلسل) بوو، بۆیە لە بازاڕدا (100) دۆلاری ئەمەریکی بە پارەی فەل بە (1480) دیناری چاپکراوی عێراقی بوو، کەچی بە بلۆك بە (1450) دیناری چاپکراوی عێراقی بوو. هەرچی تایبەتدارە بە پێنجی، دەیی و بیست و پێنجی بچووك ئەوە هەمویان ئەسڵی بوون، بەڵام دیسانەوە نرخییان جیاوازی هەبوو، وەك ئەوەی (100) دۆلاری ئەمەریکی بە پێنجی بە (1440) دیناری عێراقی بوو، بە دەیی (1430) دیناری عێراقی بوو، بە بیست و پێنجی بچووکیش بە (1410) دیناری عێراقی بوو (55،1992/3/30، ل 5).

جێگای ئاماژە بۆ کردنە پارەی تەزویر یەکێك بوو لەو هەنگاوانەی ڕژێم بۆ دروستکردنی ئاژاوە بۆ شارەکانی دەنارد، ئەمەش وای کردبوو کێشە لەناو بازاڕ دروست بکات، هەر ئەوەش وای کردووە لە ژمارە (32)ی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ لە بانگەوازێکدا لە لایەن بانقەکانی هەولێرەوە بۆ دانیشتوانی شار کراوە، هاتووە پارەی تەزویر بوونی هەیە، بەڵام ئەگەر هاتوو پارەکە پشکنیی بۆ کرا و دەرکەوت تەزویر نییە، هیچ بیانوویەك نییە بۆ ئەوەی وەرنەگیرێت، نابێت لە بازاڕ مامەڵەی پێی نەکرێت(32، 1992/3/2، ل5).

لەو قۆناغەدا، وەکو پێویست نەبوونی دەسەڵاتی کارگێڕیی و هەبوونی هێزی چەکدار و بارەگای پارتی سیاسی جیاواز لە هەولێر و ئەو قەیرانە ئابوورییەی کە باسمان لێوە کرد، وای کردبوو هەندێك دیاردەی زەق ڕووبدەن. ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ لە هەندێك لە ژمارەکانیدا ئاماژەی بەو دیاردانە کردووە و دەکرێت وەك بەشێك لە مێژووی ئەو سەردەمەی هەولێر باسی لێوە بکرێت.

یەكێك لەو دیاردانە مەسەلەی دزییە، ڕۆژنامەی كوردستانی نوێ لە هەندێك لە ژمارەكانیدا باسی لێوەدەكات و هەواڵی دزین و دەستگیركردنی باندی دز و موژدەی گەڕانەوەی ماڵە دزراوەكان بۆ خاوەنەكانیان ئاماژە پێدەكات(12،1992/1/0، ل5؛ 30، 1992/2/28، ل5)، هەندێك جاریش لە بابەتێكی تەنز ئامێزدا باسی دزینی محاویلەی كارەبا و كێبل و تێلەكەی دەكات لە لایەن هێزی چەك بەدەستەوە، بەمەش دەنووسێت:" هێزەكانی ئاسایش كاتێك دەچن بۆ ئەوەی دەستگیریان بكەن، هێزەكەیان دەبینن [مەبەستی هی دزەكانە - توێژەر] بە نائومێدی دەگەڕێنەوە" (25،1992/8/174، ل5).

جێگای ئاماژە بۆ كردنە، هەر لە دیاردەی دزیندا، لە ژمارە (224) ئاماژە بە هەوڵی كارمەندێكی كۆلێژی زانست لە زانكۆی سەلاحەددین كراوە، كە چۆن بە شەو هەڵساوە بە دزینی ئامێر و كۆمپیوتەری كۆلێژەكە و دواتر چۆن ئاشكرا بووە (224، 1992/11/17، ل5). لە لایەكی دیكەشەوە ئاماژە بە دەستگیركردنی دوو تاوانبار لە لایەن نووسینگەی نەهێشتنی تاوان لە ئیسكان كراوە، كە بە چەقۆ هێرشیان كردۆتە سەر ماڵێك و دزییان تێیدا ئەنجامداوە (265، 1992/12/11، ل5).

دیاردەیەكی دیكە ئەو سەردەمە، هێزی چەكداری لەناو شاردا زۆر بوو. ئەو بابەتە سەری كێشابوو بۆ ڕێز نەگرتن لە یاسا، بە تایبەت لە لایەن ئەو ئۆتۆمبێلانەی، كە بێ ژمارە بوون، یاخود لە لایەن هێزە چەكدارەكانەوە ژمارەكانیان بە قوڕ شاردرابوویەوە. ئەوە لە لایەك، لە لایەكی دیكەوە هەندێك جار ئەو هێزە چەكدارانە هێرشیان دەكردە سەر شوێنە گشتییەكان (12، 1992/2/7، ل4). یاخود لەسەر شەقامەكانی هەولێر و ڕێگا سەرەكییەكانی دەرەوە هەولێر كونترۆڵی كاتییان دادەنا، بە مەبەستی سەندی بەنزین لە شۆفێران (4،1992/3/34، ل4). هەندێك جاریش پەلاماری خەڵكیان دەدا بە بەر چاوی هێزەكانی پۆلیسەوە (31،1992/3/1، ل5).

چەك بە ئاشكرا لە ناوەندی شاری هەولێر لە بازاڕێك، كە ئەوكات پێیان دەوت دەلاڵخانە، كڕین و فرۆشتنی پێوە دەكرا، هەر لەوێشدا چاكی و خراپی تاقی دەكرایەوە، هەندێك جار ئەو تاقیكردنەوەیە سەری دەكێشا بۆ ڕووداوی دڵتەزین، چونكە بە هۆی دەرچوونی فیشەكێك یەكێك گیانی لەدەستدەدا (65، 1992/11/17، ل5). بە گشتی دیاردەی هەڵگرتنی چەك دواجار خەڵكی هەراسان كرد، بۆیە وەك مینبەرێك لە ڕۆژنامەی كوردستانی نوێ خەڵكی هەولێر سكاڵا لە دەست ئەو دیاردەیە دەكەن (26، 1992/2/24، ل4؛ 56، 1992/3/31، ل5؛ 277، 1992/12/25، ل4).

لە ڕاستیدا هێزەكان پۆلیس لە هەولێر لە سەرەتای ئەو قۆناغەدا دەسەڵاتێكی لاوازیان هەبووە و، توانای كۆنترۆڵكردنی ئەو دیاردانەیان نەبووە، ئەوەش بە ڕوونی لە ژمارەی (58) ڕۆژنامەی كوردستانی نوێ بە دیار دەكەوێت كاتێك بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر موژدە دەداتە هاوڵاتیانی شار، كە كەوتوونەتەوە كاركردن (58، 1992/4/2، ل4)، كەچی لە دوو ژمارەی دیكەدا دەزگاكانی پۆلیس سكاڵای ئەوە دەكەن، كە وەك پێویست ڕێز لە یاسا و هێزەكانی پۆلیس ناگیرێت(71، 1992/4/20، ل5؛ 77، 1992/4/27، ل4).

یەكێك لە دیاردەكانی ئەو سەردەمە هەڵواسینی وێنەی ئەو كەسانە (شەهید) بوو، كە لە قۆناغێك لە قۆناغەكاندا گیانیان لە پێناوی خەباتی ڕزگاری نیشتمانی بەخشیبوو، ئەوانە وێنەكانیان لەسەر شەقام و شوێنە گشتییەكان یان لە شوێنی وێنەكانی (سەددام حوسێن) هەڵدەواسرا. ئەوە بابەتێك بوو هەندێك جار كێشەی لە نێوان دوو بنەماڵە یان دوو پارت لەسەر شوێنێك لێدەكەوتەوە (30، 1992/2/28، ل5).

دیاردەیەكی دیكەی ئەو سەردەمە، كە لە ڕۆژنامەی كوردستانی نوێ بابەتی لە بارەوە نووسراوە، دیاردەی واسیتە و خزم و خزمێنەیە، لەم بارەیەوە لە ژمارە (54)دا ئاماژە بە ناردنی نامە و نووسراوێكی پارێزگاری ئەوكاتەی هەولێر دەكات وەك پاڵپشتی بۆ یەكێك بۆ ئەوەی لە بازاڕی ناوەندی هەولێر (سوق مركزي) شتومەك وەربگرێت، بەڵام لەبەر ئەوەی فەرمانبەرەكە ناوەڕۆكی كاغەزەكەی وەك خۆی جێبەجێ نەكردووە، پاش كەمێك لە لایەن چەند كەسێكەوە دراوەتە بەر شەقە و تێی هەڵدراوە (1992/3/29، ل5).

دیاردەیەکی دیکە، کە ڕۆژنامەکە باسی دەکات دەستبەسەر داگرتنی موڵکی گشتییە. لەو بارەیەوە لە یەکێك لە ژمارەکانی کوردستانی نوێ ئاماژە بۆ ئەوە کراوە، یەکێك هەڵساوە بە هەڵکەندنی شوێنی ڕاوەستانی پاسەکان لە بەرانبەر نەخۆشخانەی کۆماری لە هەولێر بە بیانوونی ئەوەی لە کۆمپانیایەك بە ناوی کۆمپانیای سەفین کڕیویەتی و دەیکات بە دوکان، ڕۆژنامەکە نووسیویەتی ئەوە پێشێلکردنی مافی هاوڵاتیانە، تکایە شارەوانی هەولێر و بەرەی کوردستانی ئاوڕێك لەو بابەتە بدەنەوە (3،1992/3/33، ل4).

لەو قۆناغەدا لە هەولێر، دیاردەیەکی دیکە بوونی هەبوو، ئەویش یاری (لیگاو) بوو، کە شێوازێك بوو لە قومارکردن، لەگەڵ یاری (فیشە) و (ئەتاری). ڕۆژانە لە بەیانییەوە لەناو جەرگەی بازاڕی هەولێر لە لایەن خەڵکانێکەوە ئەو یارانە ئەنجام دراون. لەپاڵ ئەوەشدا ئەو کەسانەی ئەو کارەیان دەکرد هەڵساون بە خواردنی دەرمان لە جۆری تۆسیرام و سۆمەدریل تا ئەوەی بێ هۆش بن (179، 1992/8/31، ل4). بەمەش دەکرێت بوترێت ئەو جۆرە کارانە کاریگەری ئەوتۆیان لەسەر گەنجانی ئەو سەردەمی شارەکە هەبووە ، لەبەر ئەوەی بەشێکی زۆریانی تووشی گرفتی کۆمەلایەتی کردبوو.

جێگای ئاماژە بۆ کردنە، هەر لەو سەردەمەدا خەڵکانێك هەبوون لە هەولێر، مامەڵەیان بە ماددەی هیرۆین و جیوە کردووە، هەروەها پارەیان لە ڕێگای کۆپی کردنەوە تەزویر کردووە و خستویانەتە بازاڕەوە (224، 1992/10/25، ل4).

بە گشتی دوای دروستبوونی حکومەت دەکرێت بوترێت، هەنگاو بە هەنگاو هەوڵی ئەوە دراوە چارەسەری گونجاو بۆ ئەو دیاردانەی، کە باسمان کرد بنرێت، بەمەش خەڵکی تۆمەتبار خراوەتە بەردەم لێپرسینەوە، بۆ ئەوەی دیاردەکان کەمتر ببنەوە (232، 1992/11/3، ل4).

## 3. نووسینەوەی مێژووی هەولێر لە کوردستانی نوێ دا

لەگەڵ ئەوەی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ وەك ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانە گرنگ و بایەخی بە هەواڵ و ڕووداوەکانی ڕۆژ داوە، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە لای لە بابەتەکانی دیکە نەکردبێتەوە، چونکە بابەتی مێژوویی، نووسینەوەی بابەتی مێژوویی لە بابەتی مێژووی کورد لە سەدەکانی ڕابردوو، گێڕانەوە و بیرەوەری کەسی، دیمانە و چاوپێکەوتن لەگەڵ کارەکتەرە بەشداربووەکان لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان، دەرخستنی بەڵگەنامە و وێنەی مێژوویی، ئەمانە هەمووی لە ڕۆژنامەکەدا بەرچاودەکەوێت.

لە ساڵی یەکەمی تەمەنی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ دا ژمارەیەك بابەت لە بارەی مێژووی هەولێر و ڕووداوەکانی تایبەت بە هەولێر نووسراون. لە ژمارە (8)دا بابەتێك بە ناونیشانی "هەولێر" نووسراوە و نووسەر هەوڵیداوە مێژوو و بەیتی فولکلۆری کوردی بە یەکەوە گرێبدات و لەوێوە ناوی هەولێر لێکبداتەوە. بۆیە کاتێك دێتە سەر ئەوەی ناوی هەولێر، ئاماژە بۆ کۆمەڵێك پەندی کوردی دەکات و نووسیویەتی:" هەولێر بە بۆچوونی ئێمە وەك لە پەندی کوردی دەست نیشانمان کرد ووشەیەکی لێکدراوە لە ووشەی – هەو+ لێر- ە پێکهاتووە ..." (3، 1992/2/3، ل6).

لە ژمارە (9)دا بابەتێکی دیکە لەسەر گوندی باداوە و گەورەبوونی ئەو گوندە و بوونی بە گەڕەکێك لەناو شاری هەولێر لە زاری خەڵکەوە ئاماژەی بۆ کراوە، بە تایبەتی دوای جێبەجێکردنی سیاسەتی (تەعریب و تەبعیس و تەرحیل)، لەو بارەیەوە نووسراوە:" ... باداوە بۆتە لانەوازی خەڵکی سەدان گوندی دەشتی هەولێر و دەشتی کۆیە و کەرکوك و ئەنفالەکان..." (4، 1992/2/4، ل5).

"مەلا ئەسعەد خەیلانی و شۆڕشی بیست" بابەتێکی دیکەیە، کە بە دوو ئەڵقە لە ژمارە (20) و (26)دا، فریاد ڕەواندزی نووسیویەتی و ئاماژەی بەو ڕووداوانەی ساڵی 1920 کردووە، کە پەیوەستن بە ناوچەکانی ڕەواندز و دەوروبەری، ئەمەش لە کاتێکدا کە بەشێك لە خەڵکی ئەو ناوچانە چۆن لە ئینگلیز هەڵگەڕاونەتەوە و ڕەتی دەسەڵاتی ئینگلیزەکانیان کردۆتەوە، نووسەر هەوڵیداوە ڕووداوەکان بە شۆڕشی

ساڵی 1920 عێراق ببەستێەوە و لە نێوشیاندا ڕۆڵی کەسایەتی ناوچەکە مەلا ئەسعەد خەیلانی دەستنیشان بکات (17و 1992/2/24، ل3)(7).

لە لایەکی دیکە لە ستوونێکی بچووکدا لە دوا لاپەڕەی ژمارە (100)دا بابەتێك بە ناونیشانی "وەستا ڕەجەبی ڕەواندوزی" نووسراوە و، تێیدا ئاماژە بۆ ئەوە کراوە:" ... کەس نیە لە ئێمەدا ناوی محمد پاشای ڕەواندوزی نەبیستبێ ئەو پاشا کوردەی کە فەرمان ڕەوایی میرنیشینی گەیاندەی ئاڵتون کۆپری و کۆیە و ڕانیە، ... یەك لە هۆیەکانی سەرکەوتنی ئەوە بوو کە وەستا ڕەجەبی ڕەواندوزی لە پشتەوە بوو وە لە ساڵی 1231ی کۆچی دا لە گەڕەکی کاولۆکان کارخانەی شیر و تفەنگ و لولە تۆپ و گوللـە دروست کردنی دامەزراند ..." (25، 1992/5/25، ل8).

لە یەکێکی دیکە لە ژمارەکانی ڕۆژنامەکەدا قەڵای خانزاد کە دەکەوێتە سەر چیای هەریر بە دەستکەوتێکی مێژوو وەسفکراوە و بە پێویست زانراوە وەك پاشماوەیەکی مێژوویی ناوچەکە ئاوڕێکی لێبدرێتەوە (105، 1992/5/31، ل8).

لە "بابەتی زانکۆ .. بەرەو کوێ"دا، ئاماژە بە دوو ڕووداوی مێژوویی کراوە و نووسراوە:"... هەنگاوی ڕاگوێزانی زانکۆش لە سلێمانی یەوە بۆ هەولێر هەڵەیەکی تر بوو چووە پاڵ هەڵەکانی ڕێژیم چونکە ویستی ڕێژیم پێچەوانە دەرچو کاتێك شاری هۆلاکۆ بەزێن زانکۆی گرتە ئامێز ... بەڵگەی ئەمەش ڕاپەڕینی خوێندکاران بوو لە مانگی مایسی 1982 کە سەرقافلەی ئەم ڕاپەڕینە خوێندکارانی زانکۆ بوون، ئەم ڕاپەڕینە دژی بە عەرەب کردن و بە بەعس کردنی زانکۆ و خوێندن بوو. هەر چەندە لەم ڕاپەڕینە چەند شەهید و بریندار و گیراوێکی زۆر هەبوو، بەڵام هەرگیز کاری نەکردە سەر ورەی تێکۆشەران و دڵسۆزانی گەل و زانست بۆیە دوای هەموو ئەو گۆڕان کاریەی ڕێژیم لە ناو زانکۆدا کردی هیچ کەڵکی نەبوو جارێکی تریش خوێندکارانی زانکۆ لە ساڵی 1984/1983 بە گژ ویست و خواستی ڕێژیم دا چوونەوە ..." (162، 1992/8/11، ل4).

لە ژمارە (168)یشدا، بابەتێك بە ناونیشانی "هەولێری هۆلاکۆ بەزین" نووسراوە، نووسەری ئەو بابەتە بۆ زانیارییەکانی، پشتی بە کتێبی (المغول في التاريخ) و (اربيل في العهد الاتابكي)(8) بەستووە، خۆشی لە پێشەکییەکی کورتدا نووسیویەتی:" کاتێ ناوی هەولێری تەتەر شکین و هۆلاکۆ بەزێن دەبیستی وائەزانی ئەو ناوە نازناوە و پێداهەڵدانە و دوور لە ڕاستیە، ... ئەم ناوە نەنازناوە و نە پیاهەڵدانە بەڵکو ڕاستیەکی بەرچاوە ..." (1992/8/18، ل8).

جێگای خۆیەتی ئاماژە بۆ ئەوە بکەین، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ لە ڕێگای ئەنجامدانی دیدار و چاوپێکەوتن لەگەڵ کارەکتەرە بەشداربووەکان لە نێو ڕووداوە مێژووییەکاندا پەردەی لەسەر مێژووی هەولێر و هەولێرییەکان هەڵداوەتەوە، بەمەش لە زاری ئەوانەوە بەشێکی باشی مێژووی سەدەی بیستەمی نووسیوەتەوە، وەك: ڕۆڵی هەولێرییەکان لە حیزبی هیوا (5، 1992/1/30، ل5؛ 109، 1992/6/4، ل6)، هاتنی هێزەکانی حەرەس قەومی(9) و ئەو نەهامەتییەی بەسەر خەڵکی هەولێر، کۆیە و ڕواندزی داهێنا(1992/2/9/13، ل2 و4 و5؛ 30،1992/1/5، ل5). سەربووردە و گێرانەوەی ئەو پێشمەرگانەی کە دەکەوتنە دەست هێزەکانی ڕژێم (39، 1992/3/10، ل4و6)، ڕووداوی کیمیابارانی دۆڵی بالیسان ساڵی 1987(68، 1992/4/16، ل4)، ڕۆڵی هەولێرییەکان لە دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری ساڵی 1976 و دواتریش چالاکییەکانیان لەناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حیزبی سۆشیالیسی کوردستان (6،1992/2/11، ل6؛ 109، 1992/6/4، ل4؛ 203، 1992/11/1)، ڕۆڵی هەولێرییەکان لە ناو پارتی کۆمۆنیستی عێراق و بەشداریکردنیان لەنێو ڕووداوەکانی عێراق و کوردستان (28، 1992/2/26، ل2-3).

ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ لە چوارچێوەی بایەخدان بە نووسینەوەی مێژوو لە ڕێگەی زارەکییەوە گرنگی زۆری بە ڕووداوەکانی ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی 1991 لە هەولێر و ناوچەکانی سەر بە هەولێر داوە، بۆ ئەو مەبەستەش دیداری لەگەڵ ژمارەیەك لە فەرماندەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، وەك:

ڕێباز (1952-1994)، سەفین مەلا قەرە، بورهان سەعید سۆفی، مەلا سلێمان (1955-1994)، مامۆستا بەکر مستەفا، فاقە مەخموری (1962-1995)، بەکرە سۆر، عەولا بۆر و تەحسین کاوانی (1951-1997) کردووە، هەروەها لەگەڵ ژمارەیەك لە ئەندامانی ڕێکخستنی ناو شارەکان و خەڵکی ئاسایی دیداری ئەنجامداوە (36، 1992/3/6،ل3؛ 38، 1992/3/9، ل3و5و6؛ 39، 1992/3/10، ل5و6؛ 40، 1992/3/11، ل2؛ 41، 1992/3/12؛ 42، 1992/3/13، ل5؛ 43، 1992/3/15، ل2؛ 45، 1992/3/17، ل4؛ 46، 1992/3/18، ل5). بەمەش لەو ڕێگایەوە بەشێك لە مێژووی ڕووداوەکانی ڕۆژانی ڕاپەڕینی یادداشت کردووە، کە دەکرێت وەك سەرچاوەیەکی مێژوویی زانیاری باشی لێوەربگیرێت.

شایەنی باسە، ڕۆژنامەکە وەك مینبەرێك بابەتی تایبەت بە بیرەوەری بڵاوکردۆتەوە، لەو چوارچێوەیەشدا زۆرێك لە هەولێرییەکان بابەتێکی دیاریکراویان لە بیرەوەرییەکان نووسیوە، لەوانە: کەریم شارەزا (1929-2015) بە دوو بەش ڕووداوەکانی کۆنگرەی یەکەمی مامۆستایانی کورد، کە لە 10-1959/9/13 لە شەقڵاوە بەستراوە نووسیوە و لە دیدی خۆیەوە وردەکارییەکانی باسکردووە (189، 1992/9/13 ل3؛ 221، 1992/10/21، ل3). عومەر فەرهادی(10) دەستگیرکردنی خۆی بە هۆکاری سیاسی ساڵی 1961 لە ستوونێك گێڕاوەتەوە (13، 1992/2/9، ل3). ئازاد جوندیانی لە بابەتێکدا ڕۆژانی دوای نەمانی حەرەس قەومی و هاتنی بۆ هەولێر بە مەبەستی بەشداربوونی لە مەراسیمی ئازادبوونی باوکی و مامەکانی لە زیندان یادداشت کردووە (13، 1992/2/9، ل2). فریاد ڕەواندزی باسی یەکەم دیداری خۆی و ژمارەیەك لە هاوڕێکانی لەگەڵ مەلا مستەفای بارزانی (1903-1979) لە ساڵی 1971دا کردووە و وێنای بارزانی وەك ڕەمزێکی نەتەوەیی ئاماژە بۆ دەکات (31، 1992/3/1، ل8). شوان عوسمان وەك بەشداربووێك، ڕاپەڕینە جەماوەرییەکەی ساڵی 1987 شەقڵاوە دەگێڕێتەوە، کە بەهۆیەوە بۆ ماوەی دوو ڕۆژ دەسەڵاتی حکومەت لەو شارۆچکەیە نەما، ئەنجام لەم ڕاپەڕینە (22) کەس گیانیان کردە قوربانی و ژمارەیەکیش زیندانی کران (241، 1992/11/13، ل4). ئیدی ئەوانە و ژمارەیەك ڕووداوی دیکە لە ژیانی پێشمەرگایەتی، زیندان، ڕاپەڕین و ئازادکردنی هەولێر و ناوچەکانی سەر بە هەولێری تێیدا یادداشت کراوە (11)، کە دەکرێت وەك سەرچاوە مێژووی سوود لە زانیارییەکان وەربگیرێت.

لە لایەکی دیکە، هەر لە چوارچێوەی بایەخدا بە نووسینەوەی بیرەوەی مێژوویی، کوردستانی نوێ لە ژمارە (72)ەوە گۆشەیەکی بە ناوی بیرەوەی پێشمەرگەیەك تەرخان کردووە، بەمەش زەمینەی بۆ ژمارەیەکی بەرچاو لە پێشمەرگە هەولێرییەکان ڕەخساندووە، کە ژیان و خەباتی پێشمەرگایەتی خۆیان یادداشت بکەن، بەتایبەت ئەگەر بزانین لە تەمەنی یەك ساڵی ڕۆژنامەکەدا لەو گۆشە دیاریکراوەدا، حەڤدە هەولێری بیرەوەری و یادداشتی ڕۆژانی پێشمەرگایەتی و نەبەردییەکانیان نووسیوەتەوە(12)، کە دەتوانرێت لە هەر یەك لەو یادداشتانە زانیاری گرنگ و بایەخداری لێوە وەربگرێت.

لە ڕوویێکی دیکەدا، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بایەخی بە نووسینەوەی مێژووی ژیانی زۆرێك لەو کەسایەتی و پێشمەرگانە داوە کە گیانیان لە پێناوەی خەباتی ڕزگار نیشتمانی بەخشیوە، بەمەش لە ژمارەکاندا خەبات و ژیاننامە و یادی بەشێك لە هەولێرییەکان نووسراوەتەوە، وەك: عەبدولڕەزاق محەمەد (0، 1992/1/12، ل2؛ 29،1992/3/54، ل1)، عومەر مستەفا ناسراو بە عومەر دەبابە (1923-1992) (5، 1992/1/30، ل1)، سەردارسەعید سۆفی (1966-1987) (9، 1992/2/4، ل4؛ 128، 1992/6/30، ل5)، شۆڕش عوسمان دەرگەڵەیی (1963-1992) (28، 1992/3/26، ل5)، شێخە فەتاح شێخۆ (1963-1991) (35، 1992/3/5، ل8)، خەجە باوە (40، 1992/3/11، ل5)، عەبدولخالق مەعروف (1935-1985) (87، 1992/5/8، ل4)، حەمید کاوانی (1927-1962) (101، 1992/5/26، ل5)، حەیدەر جوکل (127، 1992/6/29، ل4)، عــەبدوڵڵا ڕەشید (1949-1983) (142، 1992/7/19، ل5)، مولازم کەریم (1949- 1984) (191، 1992/9/15، ل5)، هاشم شەمامکی (1958-1991) (195، 1992/9/20، ل5)، شەهریار ساڵح مستەفا (1957-1987)(233، 1992/11/4، ل8)، جەعفەر عەبدولواحید (1945-1976)

(247، 1992/11/20، ل8) ... هتد(13). ئەوە لە لایەك، لە لایەكی دیكەوە لە ژمارە (105)ەوە ستوونێك لەژێر ناونیشانی لە دەفتەری سەروەرییەوە بۆ نووسینەوەی ژیان و خەباتی تێكۆشەران دیاری كردووە، لەوەشیاندا ژیاننامە و خەبات و ساڵ و شوێنی گیان بەختكردنی ژمارەیەكی بەرچاو لە هەولێرییەكان نووسراوتەوە (14).

ڕەنگدانەوە و بایەخێكی دیكەی ڕۆژنامەی كوردستانی نوێ بە نووسینەوەی مێژوو، بڵاوكردنەوەی بەڵگەنامەیە، لەو بارەیەوە لە ژمارە (71)ەكەوە گۆشەیەكی بە ناونیشانی لە ئەرشیفی فاشیزمەوە بۆ بڵاوكردنەوەی دەقی بەڵگەنامەكان تەرخان كردووە و نووسیویەتی:" خوێنەری بەڕێز... ڕژێمی بەعس، بەدرێژایی تەمەنی بۆ پاراستنی دەسەڵاتی خۆی چۆن بۆی كرابێ ئاوا مافی مرۆڤی پێشێل كردووە و لە گرتن و ڕاونان و كوشتن و بە كۆمەڵ كوشتن و ڕەشەكوژیدا سڵی نەكردۆتەوە. فایلەكانی دەزگا جاسوسیەكانی ڕژێم كە لە ڕاپەڕینەكەدا كەوتنە بەر دەستی جەماوەر و هێزی پێشمەرگەوە باشترین گەواهی فاشیەتی ڕژێمن، بۆیە لە مەودوا هەر جارەی دەقی چەند بەڵگەنامەیەكی ئەو دەزگا جاسوسیانە بڵاودەكەینەوە" (1992/4/20، ل5).

بەڵگەنامەكانی تایبەت بە هەولێر، زۆرتریان بۆ كۆتایی هەشتایەكان دەگەڕێتەوە، ئەوانیش بریتین لە نووسرای بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێر (مديرية امن اربيل)، نووسراوی یەكەی سەربازی لە شارەكە، بەڕێوبەرایەتی ئاسایشی شەقڵاوە. بەشێكی نووسراوەكان ئاراستەی نەخۆشخانەی هەولێری فێركاری (مستشفى أربيل التعليمي) كراون و تێیدا ئاماژە بە ناوی ئەو كەسانە كراون، كە لەو دەزگایانە كوژراون، بەمەش داوا لە بەشی پزیشكی دادوەری نەخۆشخانەكە كراوە، كە وەفاتنامەیان بۆ دەربكات و دواتریش لەگەڵ شارەوانی هەولێر لە شوێنێكدا بیاننێژن، ئەوەی جێگای ئاماژەیە هەموو ئەوانەی لەناو بەڵگەنامەكان ناویان هاتووە، وەك تێكدەر (مخرب) ناسێنراون (15)، بەمەش ڕژێم جۆرێك لە دانان و شەرعییەتی داوەتەوە ئەنجامدانی تاوانەكانی.

وەك ئەوەی دەوترێت، وێنە سەردەمێكی مێژوویمان بۆ دەگێڕێتەوە، گرنگی و بایەخی خۆی هەیە، لە ڕۆژنامەی كوردستانی نوێ وێنەی زۆری تێدان، بەڵام هەندێك لەو وێنانە هەڵگری گێڕانەوەی ڕووداو و سەردەمێكی مێژووین، بەمەش لەم ڕوانگە و بایەخەوە بڵاوكراونەتەوە. لێرەشدا لە ژمارەكانی ئەو ڕۆژنامەیەدا هەندێك وێنەی مێژوویی، كە پەیوەستن بە هەولێرەوە دەبینین، وەك وێنەی بچووكترین پێشمەرگەی دەشتی هەولێر لە شۆڕشی ئەیلول، وێنەی دوو پێشمەرگە لە دوای ئازادكردنی چیای سەفین ساڵی 1962، وێنەی پێنج گەنجی هەولێری لە ژیانی پێشمەرگایەتی، كە دواتر لە وێستگەی جیاواز گیانیان بەخشیوە... هتد (16).

## ئەنجام

- ڕۆژنامەی كوردستانی نوێ لە هەلومەرجێكدا وەك ڕۆژنامەیەكی سیاسی ڕۆژانە بە هەوڵ و ماندووبوو و شەونخونی كارمەندەكانی، بەردەوامی بە دەرچوونی داوە، ئیدی هەر ئەوەش وایكردووە خەڵكی بە پەرۆشەوە ڕۆاژنە چاوەڕوانی دەرچوونی ژمارەی نوێی ڕۆژنامەكە بكەن.
- لەبەرئەوەی ڕۆژنامەی كوردستانی نوێ بارەگای سەرەكی لە هەولێر بووە، جێ پەنجە و ڕۆڵی هەولێرییەكان زیاتر لە دەركردنی ڕۆژنامەكە دیارتر و بەرچاوترە.
- ڕۆژنامەی كوردستانی نوێ توانیویەتی تاڕادەیەك وێنای ئەو ڕۆژانانەی هەولێرمان بۆ بكات، كە ڕۆژنامەكە تێیدا دەرچووە، بەمەش دەتوانرێت وەك سەرچاوەیەك زانیاری لە ڕووی سیاسی، ئابووری و كۆمەڵایەتی لێوەربگرێت.

- دیدار و گفتوگۆ لە بارەی ڕووداوە مێژووییەکان یەکێك بووە لەو لایەنانەی، کە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بایەخی پێداوە، بەڵام لەوەیاندا کەمتر بازنەی هەوادارانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی بەزاندووە، واتا ئەگەر لەگەڵ خەڵکی دیکەش دیدار و گفتوگۆ کرا بێت، ئەوە بە ژمارە زۆر کەمن لە چاو ئەوانەی سەر بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانن.
- کوردستانی نوێ بایەخیداوە بە تۆمارکردنی ژیاننامەی ژمارەیەك لە تێکۆشەرانی هەولێر، کە قۆناغێك لە قۆناغەکان گیانیان لە پێناو بزووتنەوەی ڕزگاری نەتەوەیی و نیشتمانی بەختکردووە، بەمەش بەشێکی باشی مێژوویی هەولێرییە تێکۆشەرەکان لەڕێگەی سەرچاوەی ڕەسەنەوە، کە خودی بنەماڵە و کەسە نزیکەکانیانە نوسراوەتەوە، کە دەکرێت وەك سەرچاوەی پڕ بایەخ سەیر بکرێت.
- سەرپەرشتیاران و ستافی ڕۆژنامەکە لە گرنگ و بایەخی بەڵگەنامە گەیشتوون، بۆیە بە بایەخەوە وێنە و دەقی ژمارەیەکی بەرچاو بەڵگەنامەیان بڵاوکردۆتەوە، لەوەشیاندا ئەوانە لە بارەی هەولێرەوە بڵاوکراونەتەوە، جێگای بایەخ و گرنگن لەبەر ئەوەی لە لایەك دەرخەری قۆناغێکی مێژوویی هەولێرن، لە لایەکی دیکەشەوە ئاماژەیەکی ڕوونن لە پەیڕەوکردنی سیاسەتی جینۆساید لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە، بە بەڵگەی ئەوەی خەڵکی کوشتووە و بێ ئاگادارکردنەوەی بنەماڵەکەی بە نهێنی ناشتوویەتی.

## پەڕاوێزەکان

(1) ڕۆژنامەی ڕاپەڕین، لە لایەن مەڵبەندی سێ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەردەچوو، یەکەمین ژمارەی لە ئابی 1991 دەرچووە، بە گشتی سێ ژمارەی لێدەرچووە، لەگەڵیدا حەوت پاشکۆش بە ناوی مانگرتن. سەرپەرشتیارانی ڕۆژنامەی ڕاپەڕین ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە ژمارە 4 ڕۆژنامەکە بە هەندێك دەستکارییەوە کراوەتە ژمارە سفری ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ (جوندیانی 1992/2/3؛ حەسەن، 1992/3/1).

(2) لەو ماوەیەدا تەنیا یەك ژمارە لە ڕۆژی شەممە دەرچووە ئەویش بە بۆنەی جەژنی نەورۆز( 49، 1992/3/21).

(3) لەو (26) ڕۆژە. سێزدە ڕۆژی کەوتوتە نێوانی ژمارە (0- 1). دوو ڕۆژ بە بۆنەی نەورۆز لە (22 و 1992/3/23)، دوو ڕۆژ بە بۆنەی جەژنی ڕەمەزان لە (5 و 1992/4/6). یەك ڕۆژ دوای یەکەمین هەڵبژاردنی پەرلەمان (1992/5/20). سێ ڕۆژ بە بۆنەی جەژنی قوربان (12، 14 و 1992/6/15). یەك ڕۆژ بە بۆنەی هاتنی سەری ساڵی کۆچی (1992/7/2). یەك ڕۆژ بە بۆنەی پشووی شۆڕشی 14ی تەمموز (1992/7/15). یەك ڕۆژ بە بۆنەی لەدایکبوونی پێغەمبەر "د –خ" (1992/9/10). یەك ڕۆژ بە بۆنەی دەرکردنی بڕیاری فیدراڵی لە لایەن پەرلەمانی کوردستان (1992/10/6). یەك ڕۆژ پشووی سەری ساڵ (1993/1/3). ڕۆژنامەکە دەرنەچووە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (59، 1992/4/3؛ 96، 1992/5/19؛ 115، 1992/6/11؛ 129، 1992/7/1؛ 139، 1992/7/14؛ 187، 1992/9/9؛ 208، 1992/10/5؛ 283، 1993/1/1).

(4) ئەزموونی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی ئاوایییەکان بە مەبەستی هەڵبژاردنی خەڵکانێك بۆ ڕێکخستنی ژیانی ناو دێهاتەکان زۆر پێش ڕاپەڕین دەستپێکردبوو. بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: (نامەی نەوشیروان مستەفا بۆ عوسمانی دەشتی 1983/8/1؛ جەمال، 1984، ل 1 -11؛ ئەحمەد، ئەزموونی ...، 2012، ل 93-94).

(5) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە ( 2، 1992/1/27، ل 4؛ 13، 1992/2/9، ل4؛ 14، 1991/2/10، ل4؛ 15، 1992/2/11، ل5؛ 19، 1992/2/16، ل5؛ 20. 1992/2/17، ل4؛ 24، 1992/2/21، ل5؛ 23،1992/2/25، ل5؛ 26، 1992/2/24، ل4؛ 54، 1992/3/29، ل5).

(6) لە ماوەی ئەو ساڵەی دەرچوونی ڕۆژنامەکەدا ئاماژە بە ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەنجامدانی کۆڕ و سیمینار لە لایەن سیاسییەکان لە ناوچە و شوێنە جیاجیاکانی هەولێر دراوە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (2، 1992/1/27، ل8؛ 7، 1992/2/2، ل4؛ 13، 1992/2/9، ل8؛ 19، 1992/2/16، ل3؛ 20، 1992/2/17، ل5؛ 21، 1992/2/18، ل4؛ 22، 1992/2/19، ل5؛ 23، 1992/2/20، ل4؛ 26، 1992/2/24، ل5؛ 29، 1992/2/27، ل5؛ 31، 1992/3/1، ل5؛ 33، 1992/3/3، ل5؛ 34، 1992/3/4، ل5؛ 37، 1992/3/8، ل8؛ 51، 1992/3/25، ل4؛ 53، 1992/3/27، ل4؛ 57، 1992/4/1، ل4؛ 71، 1992/4/20، ل8؛ 28،1992/4/78؛ ل4؛ 102، 1992/5/27، ل8).

(7) نووسەر لەو نووسینی ئەو بابەتەدا کەوتۆتە ژێر کاریگەری کتێبەکەی دکتۆر کەمال مەزهەر (دور الشعب الكردي في ثورة العشرين العراقية – دکتۆر کەمال مەزهەر پاساوی بۆ ناونیشانی کتێبەکەی ئەوەیە کە لەو هەلومەرجە مەبەستی بوو چاپ بکرێت بۆیە ئەو ناونیشانەی بۆداناوە)، فریاد ڕەواندزی بە هەمان شێوە هەوڵی ئەوەیداوە ڕووداوی ناوچە کوردییەکان بە شۆڕشی ساڵی 1920ی عێراق ببەستێتەوە لە کاتێکدا دەکرێت بووترێت ڕووداوەکانی شۆڕشی ساڵی 1920 پێوەندیی بە ناوچە کوردییەکان نییە، لەبەر ئەوەی ناوچە کوردییەکان زۆر پێشووتر لە ئینگلیزەکان هەڵگەڕابوونەوە. لە لایەکی دیکەشەوە دەبێت ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین بەر لە دەستپێکردنی شۆڕشی ساڵی 1920 ئینگلیزەکان لە ناوچەی ڕەواندز و دەرووبەری دەرکرا بوون، دواتر هەر ئەوەش بوو زەمینەی خۆشکرد بۆ هاتنەوەی تورکەکان بۆ ناوچەکە. بۆ زانیاری زیاتر لە مەڕ ڕووداوەکانی ناوچەی ڕەواندز و ڕووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵ ئینگلیز و هاتنەوەی تورکەکان بڕوانە: (ئۆمەر،2008، ل38-75).

(8) شایەنی باسە، نووسەر پشتی بەو سەرچاوانە بەستووە کە ئاماژەیان بۆ کرا، بێ ئەوەی ناوی نووسەرەکانیان بێنێت، کە بریتین لە: (المغول في التاريخ – فؤاد عبدالمعطي الصياد) و (اربيل في العهد الاتابكي- محسن محمد حسين).

(9) حەرەس قەومی، ڕێکخراوێکی چەکداری سەر بە حیزبی بەعس بوون، لە 8ی شوباتی 1963 بە پێی بەیانی (4،3) بە بڕیاری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی نیشتمانی شۆڕش هاتە دامەزراندن، ئەو هێزە ڕۆڵێکی گەورەیان هەبوو لە ڕاوەدوونان و گرتن و ئەشکەنجەدانی کۆمۆنیستەکان و پارتییەکان، حەرەس قەومی بە دەستدرێژی و ئەتککردنی دانیشتوانی شارەکان بەناوبانگ بوون. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:(خۆشناو، 2016، ل52).

(10) عومەر فەرهادی، ساڵی 1938 لە گەڕەکی تەیراوە لە شاری هەولێر لە دایکبووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە هەولێر خوێندووە، ساڵی 1953 چۆتە ڕیزی یەکێتی قوتابیانی گشتی سەر بە پارتی کۆمۆنیستی عێراق، ساڵی 1956 بۆتە ئەندامی پارتی کۆمۆنیستی عێراق، ساڵی 1963 بە هۆکاری سیاسی بۆ ماوەی نۆمانگ و دە ڕۆژ زیندانی دەکرێت. ناوبراو 1957 – 1988 وەك کارمەندی میری لە ژمارەیەك فەرمانگە و لە شارە جیاوازەکانی عێراق خزمەتی کردووە، ئێستاکە خانەنشینە و لە هەولێر نیشتەجێیە. (فەرهادی 2017/1/5).

(11) نووسەری ئەو بابەتانە بریتیین لە: ڕەفعەت عەبدوڵڵا پیرداود "ڕێباز، عەبدوڵڵا کانی بەردی و عەبدولڕەحمان مستەفا، جەمیل مەلا قەرەیی، شۆڕش عەزیز خدر، فەرید زامدار، لەگەڵ ژمارەیەك کەسایەتی دیکە کە ناوەکانیان ئاماژەیان بۆ نەکردوون. بۆ زانیاری زیاتر لە مەڕ ناوەڕۆکی بابەتەکان بڕوانە: (2، 1992/1/27، ل1، 31، 1992/3/1، ل3؛ 38، 1992/3/9، ل2؛ 39، 1992/3/10، ل4-6؛ 40، 1992/3/11، ل 4-6؛ 42، 1992/3/13، ل4-6؛ 146، 1992/7/23، ل8؛ 176، 1992/8/27، ل8؛ 246، 1992/11/19، ل6).

(12) ئەوانەی بیرەوەریان نووسیوەتەوە بریتین لە: د. خدر مەعسوم، متسەفا ئەحمەد، حاجی جەلال، سەید حیکمەت، قادر کادیر، شینە موحسین تەها، ستار حمەد گەردی، ڕێباز "ڕەفعەت عەبدوڵڵا"، بەکر مستەفا، عبەدوڵڵا بۆر، ڕابەر ماوانی، سەرباز حوسێن، ڕەج کۆیی، حەوێز مەولود، ڕەحمان سەیدە و خدر وسو"بەختیار". بۆ زانیاری لەمەڕ ناوەڕۆکی بیرەوەرییەکانیان بڕوانە: (21،1992/4/72، ل8؛ 86، 1992/5/7، ل8؛ 88، 1992/5/10، ل8؛ 103، 1992/5/28، ل8؛ 142، 1992/7/19، ل8؛ 149، 1992/7/27، ل8؛ 173، 1992/8/24، ل8؛ 186، 1992/9/8، ل8؛ 191، 1992/9/15، ل8؛ 196، 1992/9/21، ل8؛ 208، هەولێر، 1992/10/5، ل8؛ 213، 1992/10/12، ل8؛ 219، 1992/10/19، ل8؛ 233، 1992/11/4، ل8؛ 267، 1992/12/14، ل8؛ 273، 1992/12/21، ل8؛ 280، 1992/12/29، ل8).

(13) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (27، 1992/2/25، ل6؛ 31، 1992/3/1، ل1 و5؛ 32، 1992/3/2، ل6؛ 37، 1992/3/8، ل5؛ 38، 1992/3/9، ل3؛ 40، 1992/3/11، ل5؛ 41، 1992/5/12، ل5؛ 42، 1992/3/13، ل6؛ 43، 1992/3/15، ل4؛ 45، 1992/3/17، ل4؛ 46، 1992/3/18، ل8؛ 74، 1992/4/23، ل7؛ 102، 1992/5/27، ل5).

(14) لەم چوارچێوەیەدا ژیاننامەی ژمارەیەکی بەرچاو لە هەولێرییەکان نووسراوەتەوە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (105، 1992/5/31، ل5؛ 106، 1992/6/1، ل5؛ 107، 1992/6/2، ل5؛ 111، 1992/6/7، ل5؛ 115، 1992/6/11، ل5؛ 118، 1992/6/18، ل5؛ 119، 1992/6/19، ل5؛ 121، 1992/6/22، ل5؛ 122، 1992/6/23، ل5؛ 124، 1992/6/25، ل5؛ 125، 1992/6/26، ل5؛ 127، 1992/6/29، ل5؛ 129، 1992/7/1، ل5؛ 130، 1992/7/3، ل5؛ 131، 1992/7/4، ل5؛ 132، 1992/7/5، ل5؛ 137، 1992/7/12، ل5؛ 139، 1992/7/14، ل5؛ 142، 1992/7/19، ل5؛ 147، 1992/7/24، ل5؛ 148، هەولێر، 1992/7/26، ل5؛ 149، 1992/7/27، ل5؛ 150، 1992/7/28، ل5؛ 152، 1992/7/30، ل5؛ 156، 1992/8/4، ل5؛ 157، 1992/8/5، ل5؛ 158، 1992/8/6، ل5؛ 159، 1992/8/7، ل5؛ 162، 1992/8/11، ل5؛ 164، 1992/8/13، ل5؛ 166، 1992/8/16، ل5؛ 167،

1992/8/17، ل5؛ 171، 1992/8/21، ل5؛ 173، 1992/8/24، ل5؛ 176، 1992/8/27، ل5؛ 177، 1992/8/28، ل5؛ 180، 1992/9/1، ل5؛ 181، 1992/9/2، ل5؛ 186، 1992/9/8، ل5؛ 188، 1992/9/11، ل5؛ 191، 1992/9/15، ل5؛ 193، 1992/9/17، ل5؛ 194، 1992/9/18، ل5؛ 195، 1992/9/0، ل5؛ 196، 1992/9/21، ل5؛ 1992/9/202،28، ل5؛ 232، 1992/11/3، ل5؛ 247، 1992/11/20، ل5؛ 251، 1992/11/25، ل5؛ 254، 1992/11/29، ل5؛ 269، 1992/12/16، ل5؛ 274، 1992/12/22، ل5).

(15) بۆ زانیاری زیاتر لە مەڕ ناوەڕۆکی بەڵگەنامەکان بڕوانە: (71، 1992/4/20، ل5؛ 79، 1992/4/29، ل5؛ 104، 1992/5/29، ل5؛ 113، 1992/6/9، ل5؛ 125، 1992/6/26، ل4؛ 126، 1992/6/28، ل4؛ 134، 1992/7/8، ل5؛ 137، 1992/7/12، ل5؛ 142، 1992/7/19، ل5؛ 146، 1992/7/23، ل5؛ 155، 1992/8/3، ل4؛ 170، 1992/8/20، ل5؛ 176، 1992/8/27، ل4؛ 182، 1992/9/3، ل4؛ 190، 1992/9/14، ل5؛ 194، 1992/9/18، ل5؛ 256، 1992/12/1، ل5؛ 268، 1992/12/15، ل5).

(16) لە چەند ژمارەیەکی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ وێنەی مێژوویی تێیدا بڵاوکراوەتەوە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (22، 1992/2/19، ل8؛ 27، 1992/2/25، ل8؛ 32، 1992/3/2، ل6؛ 45، 1992/3/17، ل8؛ 71، 1992/4/20، ل8؛ 72، 1992/4/21، ل8؛ 74، 1992/4/23، ل8؛ 126، 1992/6/28، ل4).

## لیستی سەرچاوەکان


### کتێب

1. ئەحمەد، نەوزاد عەلی ئەحمەد (2012)، کتێبێکی تر بۆ کوردستانی نوێ رابەری ڕۆژانەی ڕاپەڕرین، (سلێمانی، چاپخانەی شڤان).
2. ئەحمەد، نەوزاد عەلی ئەحمەد (2014)، رابەری رۆژنامەگەریی نهێنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان 1975-1991، (کەرکوك، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی).
3. ئۆمەر، ئەحمەد حەمەدئەمین (2008)، ڕەواندز 1918 – 1939 توێژینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە، چاپی دووەم، (کەرکوك، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی).
4. جەمال (1984)، ئاوڕدانەوەیەك لە ئەنجومەنی ئاوایییەکان، (دەزگای ڕاگەیاندنی یەکێتیی شۆڕشگێڕانیی کوردستان).

### نامەی تایبەتی

1. نامەی نەوشیروان مستەفا بۆ عوسمان دەشتی، 1/ 1983/8.

### دیمانە

1. جوندیانی، ئازاد، (هەولێر، 2019/2/3). ( ئازاد عەبدولوەهاب محەمەد عەلی ناسراو بە ئازاد جوندیانی ساڵی 1960 لە ڕەواندز لە دایکبووە، دەرچووی خوێندنی ئامادەییە، ماوەیەك لێپرسراوی دەزگای ڕاگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بووە و ئێستاکە لە هەولێر نیشتەجێیە).
2. جوندیانی، هەڵگورد عەبدولوەهاب، (هەولێر، 2018/12/20). (هەڵگورد عەبدلوەهاب محەمەد عەلی، ساڵی 1966 لە ڕەواندز لە دایکبووە، دەرچووی کۆلێژی هونەرەجوانەکانی زانکۆی بەغدایە، ماوەیەك بەڕێوەبەری گشتی بووە لە وەزارەتی ڕۆشنبیری، ئێستاکە لە هەولێر نیشتەجێیە).
3. حەسەن، مەولود ئیبراهیم، (هەولێر، 2019/3/1). (مەولود ئیبراهیم حەسەن، ساڵی 1953 لە دێی عالّلا لە دایکبووە، قۆناغەکانی خوێندنی بەسەرکەوتووی بریوە، تا ئەوەی بڕوانامەی دکتۆرا لە زمانی کوردی بە دەستهێناوە، ناوبراو لە حەوت کەسی یەکەمی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ یە، ئێستاکە پلەی زانستی پرۆفیسۆری یاریدەدەرە و لە زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر کۆلێژی زمان بەردەوامە لە خزمەتکردن).
4. فەرهادی، عومەر فەرهادی،(هەولێر، 2017/1/5).

### نامەی زانستی بڵاونەکراوە

1. ابوبکر، توانا قادر، (2017)، بەرەی کوردستانی 1987 – 1992 توێژینەوەیەکی مێژوویی – سیاسییە، نامەی ماستەر بڵاونەکراوە، (زانکۆی ڕاپەڕین، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان).

### گۆڤار

**1.** ئەحمەد، نەوزاد عەلی (2012)، "ئەزموونی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی ئاواییەکان لە سەردەمی شاخ(1981-1988)"، گۆڤاری "کلتور"، ژمارە(6)،( سلێمانی).

## ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ


1. ژمارە (0)، 1992/1/12.
2. ژمارە (1)، 1992/1/26.
3. ژمارە (2)، 1992/1/27.
4. ژمارە (3)، 1992/1/28.
5. ژمارە (5)، 1992/1/30.
6. ژمارە (7)، 1992/2/2
7. ژمارە (8)، 1992/2/3.
8. ژمارە (9)، 1992/2/4.
9. ژمارە (11)، 1992/2/6.
10. ژمارە (12)، 1992/2/7.
11. ژمارە (13)، 1992/2/9
12. ژمارە (14)، 1992/2/10.
13. ژمارە (15)، 1992/2/11
14. ژمارە (18)، 1992/2/14.
15. ژمارە (19)، 1992/2/16.
16. ژمارە (20)، 1992/2/17.
17. ژمارە (21)، 1992/2/18.
18. ژمارە (22)، 1992/2/19.
19. ژمارە (23)، 1992/2/20.
20. ژمارە (24)، 1992/2/21.
21. ژمارە (25)، 1992/2/23.
22. ژمارە (26)، 1992/2/24.
23. ژمارە (27)، 1992/2/25
24. ژمارە (28)، 1992/3/26.
25. ژمارە (29)، 1992/2/27.
26. ژمارە (30)، 1992/2/28
27. ژمارە (31)، 1992/3/1.
28. ژمارە (32)، 1992/3/2.
29. ژمارە (33)، 1992/3/3.
30. ژمارە (34)، 1992/3/4.
31. ژمارە (35)، 1992/3/5.
32. ژمارە (36)، 1992/3/6.
33. ژمارە (37)، 1992/3/7.
34. ژمارە (38)، 1992/3/9.
35. ژمارە (39)، 1992/3/10.
36. ژمارە (40)، 1992/3/11.
37. ژمارە (41)، 1992/3/12.
38. ژمارە (42)، 1992/3/13.
39. ژمارە (43)، 1992/3/15.
40. ژمارە (45)، 1992/3/17.
41. ژمارە (46)، 1992/3/18.
42. ژمارە (49)، 1992 /3/21.
43. ژمارە (51)، 1992/3/25.

44. ژماره (53)، 1992/3/27.
45. ژماره (54)، 1992/3/29.
46. ژماره (55)، 1992/3/30.
47. ژماره ( 56)، 1992/3/31.
48. ژماره (57)، 1992/4/1.
49. ژماره (58)، 1992/4/2.
50. ژماره (59)، 1992/4/3.
51. ژماره (62)، 1992/4/9.
52. ژماره (65)، 1992/4/13.
53. ژماره (68)، 1992/4/16.
54. ژماره (71)، 1992/4/20.
55. ژماره (72)، 1992/4/21.
56. ژماره (74)، 1992/4/23.
57. ژماره (75)، 1992/4/24.
58. ژماره (77)، 1992/4/27.
59. ژماره (78)، 1992/4/28.
60. ژماره (79)، 1992/4/29.
61. ژماره (81)، 1992/5/1.
62. ژماره (86)، 1992/5/7.
63. ژماره (87)، 1992/5/8.
64. ژماره (88)، 1992/5/10.
65. ژماره (90)، 1992/5/12.
66. ژماره (91)، 1992/5/13.
67. ژماره (92)، 1992/5/14.
68. ژماره (96)، 1992/5/19.
69. ژماره (100)، 1992/5/25.
70. ژماره (101)، 1992/5/26.
71. ژماره (102)، 1922/5/27.
72. ژماره (103)، 1992/5/28.
73. ژماره (104)، 1992/5/29.
74. ژماره (105)، 1992/5/31.
75. ژماره (106)، 1992/6/1.
76. ژماره (107)، 1992/6/2.
77. ژماره (109)، 1992/6/4.
78. ژماره (111)، 1992/6/7.
79. ژماره (113)، 1992/6/9.
80. ژماره (115)، 1992/6/11.
81. ژماره (116)، 1992/6/16.
82. ژماره (118)، 1992/6/18.
83. ژماره (119)، 1992/6/19.
84. ژماره (121)، 1992/6/22.
85. ژماره (122)، 1992/6/23.
86. ژماره (124)، 1992/6/25.
87. ژماره (125)، 1992/6/26.
88. ژماره (126)، 1992/6/28.
89. ژماره (127)، 1992/6/29.
90. ژماره (128)، 1992/6/30.
91. ژماره (129)، 1992/7/1.

92. ژماره (130)، 1992/7/3.
93. ژماره (131)، 1992/7/4.
94. ژماره (132)، 1992/7/5.
95. ژماره (134)، 1992/7/8.
96. ژماره (137)، 1992/7/12
97. ژماره (139)، 1992/7/14.
98. ژماره (142)، 1992/7/19.
99. ژماره (146)، 1992/7/23.
100. ژماره (147)، 1992/7/24.
101. ژماره (148)، 1992/7/26.
102. ژماره (149)، 1992/7/27.
103. ژماره (150)، 1992/7/28.
104. ژماره (151)، 1992/7/29.
105. ژماره (152)، 1992/7/30.
106. ژماره (155)، 1992/8/3.
107. ژماره (156)، 1992/8/4.
108. ژماره (157)، 1992/8/5.
109. ژماره (158)، 1992/8/6.
110. ژماره (159)، 1992/8/7.
111. ژماره (162)، 1992/8/11.
112. ژماره (164)، 1992/8/13.
113. ژماره (166)، 1992/8/16.
114. ژماره (167)، 1992/8/17.
115. ژماره (168)، 1992/8/18.
116. ژماره (170)، 1992/8/20.
117. ژماره (171)، 1992/8/21.
118. ژماره (173)، 1992/8/24.
119. ژماره (174)، 1992/8/25.
120. ژماره (176)، 1992/8/27.
121. ژماره (177)، 1992/8/28.
122. ژماره (179)، 1992/8/31.
123. ژماره (180)، 1992/9/1.
124. ژماره (181)، 1992/9/2.
125. ژماره (182)، 1992/9/3.
126. ژماره (186)، 1992/9/8.
127. ژماره (187)، 1992/9/9.
128. ژماره (188)، 1992/9/11.
129. ژماره (189)، 1992/9/13.
130. ژماره (190)، 1992/3/14.
131. ژماره (191)، 1992/9/15.
132. ژماره (193)، 1992/9/17.
133. ژماره (194)، 1992/9/18.
134. ژماره (195)، 1992/9/20.
135. ژماره (196)، 1992/9/21.
136. ژماره (202)، 1992/9/28.
137. ژماره (208)، 1992/10/5.
138. ژماره (213)، 1992/10/12.
139. ژماره (219)، 1992/10/19.

140. ژماره (221)، 1992/10/21.
141. ژماره (224)، 1992/10/25.
142. ژماره (227)، 1992/10/28.
143. ژماره (230)، 1992/11/1.
144. ژماره (232)، 1992/11/3.
145. ژماره (233)، 1992/11/4.
146. ژماره (241)، 1992/11/13.
147. ژماره (246)، 1992/11/19.
148. ژماره (247)، 1992/11/20.
149. ژماره (249)، 1992/11/22.
150. ژماره (251)، 1992/11/25.
151. ژماره (254)، 1992/11/29.
152. ژماره (256)، 1992/12/1.
153. ژماره (257)، 1992/12/2.
154. ژماره (263)، 1992/12/9.
155. ژماره (265)، 1992/12/11.
156. ژماره (267)، 1992/12/14.
157. ژماره (268)، 1992/12/15.
158. ژماره (269)، 1992/12/16.
159. ژماره (273)، 1992/12/21.
160. ژماره (274)، 1992/12/22.
161. ژماره (277)، 1992/12/25.
162. ژماره (280)، 1992/12/29.
163. ژماره (283)، 1993/1/1.
164. ژماره (290)، 1993/1/12.

**ماڵپەری ئەلکترۆنی**

**-** (knew.org/page_id=1058)**.**

## ملخص البحث باللغة العربية

### انعكاس كتابة أربيل في صحيفة كوردستان نوێ

### 1993/1/12 – 1992/1/12

ان إصدار صحيفة كوردستان الجديد (كوردستانى نوێ) ، كصحيفة سياسية من قبل الاتحاد الوطني الكردستاني ، بعد الانتفاضة ذا أهمية ، لأنها كانت مهتمة ببث أخبار ذلك الوقت إلى جانب إلقاء الضوء على كتابة التاريخ أيضًا. في كلتا الحالتين ، بعد ربع قرن ، لا يزال من الممكن استغلال المعلومات المذكورة في الصحيفة والاعتماد عليها كمصدر تاريخي.

كان السبب الرئيسي وراء اختيار الموضوع هو التغاضي عن محتوى صحيفة كوردستان الجديدة من قبل الباحثين في الدراسات الأكاديمية. يهدف الباحث إلى أخذ أفكار كتابة التاريخ أربيل في سنة واحدة من الصحيفة (1992/1/12 - 1993/1/12) في الاعتبار.

تتضمن الدراسة مقدمة وثلاثة أقسام وبعض الاستنتاجات.

في القسم الأول، يتم مناقشة تاريخ الصحيفة لفترة وجيزة ، حيث يتم التعامل مع الانطباعات والأفكار الأولى للجريدة مع كيفية إصدارها ، من هم المسؤولون والمحررون ، والألوان المستخدمة والسعر الأولي.

القسم الثاني يدور حول الفترة التي صدرت فيها الصحيفة ، بناءً على معلومات المقالات المقلدة. يمكن أن تؤخذ كأساس لكتابة تاريخ أربيل في ذلك الوقت.

في القسم الثالث ، تتم الإشارة إلى القضايا التاريخية المتعلقة أربيل في صحيفة كردستان الجديدة. وهي تشمل: الموضوعات التاريخية والمقالات المتعلقة بـ أربيل ، والسرد الشفوي لتاريخ أربيل من خلال المقابلات مع الأحداث / الأحداث ، والمذكرات والوثائق والصور التاريخية.

يتم عرض النتائج التي توصل إليها الباحث من البحث.

## كورتەی توێژینەوەکە بە زمانی ئینگلیزی

## Reflections of documenting Hawler history in New Kurdistan newspaper (12/1/1922 – 12/1/1993)

The issuing of New Kurdistan newspaper, as a political newspaper by Patriotic Union of Kurdistan (PUK), after the uprising was significant because it was concerned with broadcasting news of that time along with shedding light on writing the history too. In both cases, after a quarter of a century, the information mentioned in the newspaper can still be utilized and depended on as a historical source.

Overlooking the content of New Kurdistan newspaper by researchers in academic studies was the main cause of selecting the topic. The researcher aims at taking reflections of history writing in one year of the newspaper (12/1/1992 - 12/1/1993) into consideration.

The study comprises an introduction, three sections and some conclusions.

In the first section, the history of the newspaper is briefly discussed in which the first impressions and ideas of the newspaper are tackled along with how it was issued, who the administrative and editors were, the colors used and the initial price.

The second section is about the period during which the newspaper is issued, based on the information of published articles. They can be taken as a basis for writing the history of Hawler at that time.

In the third section, the historical topics related to Hawler are referred to in New Kurdistan newspaper. they include: the historical topics and articles related to Hawler, oral narrative of Hawler history through interviews with the characters of the incidents/events, memoirs, and historical documents and pictures.

The results that the researcher arrived at from the research are presented.